# ئەرکەکانی ناونیشان لە دەقدا، شیعری جەلالی مەلەکشا بەنموونە

**عباس محمد قادر**

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** ناونیشان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەقی ئەدەبیدا، نووسەران زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، چونکە خاڵی دەستپێکی خوێندنەوەی دەقەو خوێنەران لەڕێگەی ناونیشانەوە ئاسۆی خۆیان بەرامبەر بەدەقەکە بنیاد دەنێن و لەو ڕوانگەیەوە کە بۆیان دروستدەبێت دەستدەکەن بە خوێندنەوەی دەقەکە. جیرار جینێت وەك بیرمەندێك و تیۆرستێکی گەورەی ئەدەبی و ڕەخنەیی چەند ئەرکێکی دیاریکراوی بۆ ناونیشان لەدەقدا دیاریکردووە کە لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەرکردووە بۆ شیکردنەوەی ناونیشانی چەند دەقێکی جەلالی مەلەکشا کە یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر بەوردی و وریایی ناونیشانەکانی هەڵبژاردووە بۆ دەقەکانی.

**کلیلە وشەکان:** دەق، ناونیشان، ئەرك، سەرنجڕاکێشان، وەسفکردن، دیاریکردن، ئاماژەدان.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لەڕوانگەی تێڕوانینەکانی بیرمەندێکی گەورەی وەك (جیرار جینێت)ەوە کارمان لەسەر ڕۆڵ و گرنگی ناونیشان کردووە لەشیعرەکانی شاعیرێکی وەك (جەلالی مەلەکشا)دا کە ڕەنگە یەکێکبێت لەو شاعیرانەی کەمترین توێژینەوە لەبارەی دەقەکانییەوە کرابێت و بەڕاستیش شیعرەکانی شایانی ئەوەن توێژینەوەی زانستیان لەبارەوە بکرێت.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (ئەرکەکانی ناونیشان لە دەقدا، شیعری جەلالی مەلەکشا بەنمونە )یە هەوڵێکە بەئاڕاستەی دەرخستنی ڕۆڵی کاریگەری ناونیشان لە پێکهاتەی دەقداو باسکردن و ڕوونکردنەوەی گرنگترین ئەو ئەرکانەی کە ناونیشان دەیبینێت لە دەقدا، ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا ڕێبازی شیکاریمان هەڵبژاردووەو کارمان بە بۆچوونی (جیرارجینێت) کردووە سەبارەت بە ئەرکەکانی ناونیشان لەدەقداو بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان بەپێی پلانێکی زانستی دابەشکردووە بۆ چەند تەوەرەیەك: لەتەوەرەی یەکەمدا هەوڵماندا‌وە چەمکی ناونیشان بەشێوە زانستییەکەی ڕوونبکەینەوەو هەندێك لەو پێناسانەش بخەینەڕوو کە بۆ ناونیشان کراون و ڕای خۆمان لەبارەیانەوە دەربڕیوە، هەروەها لەتەوەری دووەمدا باسمان لە گرنگی ناونیشان و ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە دەقدا کردووە، لە تەوەری سێیەمیشدا لەبارەی جۆرە گرنکەکانی ناونیشانەوە دواوین و ڕوونمانکردونەتەوە، لەتەوەری چوارەمیشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی کارمان لەسەر کرۆکی توێژینەوەکەمان کردووە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەو پۆلێنکردنەی کە ( جیرارجینێت) بۆ ئەرکی ناونیشانی کردووە لە دەقدا و سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری هەریەك لەو ئەرکانەمان ڕوونکردۆتەوەو پاشان چەند دەقێکی شیعری شاعیر(جەلالی مەلەکشا)مان هەڵبژاردووە و ئەو ئەرکانەی کە پێیانوایە ناونیشانی خودی دەقەکان دەیگێڕن لەساتی خوێندنەوەدا خستومانەتەڕوو، هەروەها بۆچوونی خۆشمان دەربڕیوە سەبارەت بە ئاستی سەرکەوتوویی شاعیر لە هەڵبژاردنی خودی ناونیشانەکاندا، لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتوین لەچەند خاڵێکدا دیاریمانکردووە.

### تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی ناونیشان:

ناونیشان وەك کلیلی دەق سەیردەکرێت و بە سەرەتای بەریەککەوتنی نێوان خوێنەر و دەق دادەنرێت، چونکە خوێنەر بەر لەدەستکردن بە خوێندنەوەی دەق بە ناونیشان ئاشنادەبێت و لەو تێڕوانینەی کە لەڕێگەی ئەم ناونیشانەوە لای دروستدەبێت بەرەو دەق دەڕوات و ئاسۆی خوێندنەوەکەی پێکدێنێت .

ناونیشان دەشێت لە وشەیەك، دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك پێکبێت کە بارگاویدەکرێت بەچەندین واتای جیاواز، هەرلەوڕوانگەیەوە (Leo Hock) کەبەیەکێك لە دامەزرێنەرانی زانستی ناونیشانی هاوچەرخ دادەنرێت، بەمشێوەیە پێناسەی ناونیشان دەکات و دەڵێت: (( ناونیشان، کۆمەڵێك نیشانەی زمانییە کەدەتوانرێت لەسەرەتای دەقدا دابنرێت بۆ دیاریکردن و گوزارشتکردن لە پێکهاتەی گشتی دەقەکەو سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت )) (المطوي، 1999, 456) کەواتە ناونیشان لە کۆمەڵێك (دال و مەدلول) پێکدێت و ڕۆڵی خوێنەریش لە ساتی خوێندنەوەدا ئەوەیە کە ئەو دال و مەدلولانە پێکەوە گرێبدات لەپێناو بەدیهاتنی واتا و تێگەیشتن لە دەقەکە. لەمڕوانگەیەوە دەتوانین درك بە گرنگی ناونیشان بکەین و ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە نووسەر چەندە دەبێت بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە وەك سەرەتای بەریەکەوتنی نێوان خوێنەر و دەقەکەیە ئاواش سەرەتای بەرجەستەبوونی ئاسۆی خوێنەریشە.

### تەوەری دووەم : گرنگی ناونیشان :

ناونیشان لەگەڵ ئەوەی دەربڕینێکی کورتە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێکهاتەی دەقدا و بەیەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی پێکهاتنی دەق دادەنرێت لە ئێستادا. پەیوەستبوونی

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 2(2024) ؛ عدد الصفحات (6)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n2y2024.pp1-6

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 29 تشرين الثاني 2023؛ قُبل في 10 كانون الثاني 2024؛ نُشرت في 14 نيسان 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : abas.qadir@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2024 عباس محمد قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ناونیشان بە دەقەوە پەیوەستبوونێکی دوولایەنەیە بەجۆرێك ناونیشان بەبێ دەق و بەتەنها ناتونێت پانتاییە واتاییەکەی خۆی بەدیبهێنێت و دەقیش بەبێ ناونیشان ئەگەری توانەوەی لەناو دەقی تردا زۆرە و ئەمەش بە واتای ئەوەدێت کە ناونیشان هەڵگری ئەرکی جیاوازە کە وای لێدەکات زیاتر چالاکبێت لە بەرهەمهێنانی واتادا بەتایبەت دەرخستنی شیعرێتی زمان (منصور,2014,ص1254), هەروەها ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە ناونیشان بەدەقەوە دەبەستێتەوە ((دەمانبات بەرەو پێویستی ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە، چونکە دەق خۆی لەخۆیدا پێکهاتووە لە زنجیرەیەکی زمانەوانی نووسراو کە یەکێتییەکی بەردەوام پێکدەهێنێت و بونیادێکی دالییە کە لە سیستمێکی سیمیائییەوە هەڵدەقوڵێ،یان دەزگایەکی ڕەمزییە بە پلەی یەکەم و بەر لە هەرشتێ،چونکە خوێنەر لە دەروازەی ناونیشانەوە تەئویل وەردەگرێ، کلتووری مەعریفی خۆی تەوزیف دەکات لە پێناوی گەیشتن بە دالەکانی خۆی، زۆر جاران دەلالەتی کارکردن دەرئەنجامی تەئویلی ناونیشانە)) (قادر، ٢٠٢٢، ٣).

لەمڕوانگەیەوەیە کە نووسەران بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ناونیشاندا دەکەن و هەوڵدەدەن ناونیشانەکە بەجۆرێکبێت کە جیا لەوەی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەبێت، هەروەها سەرنجی خوێنەریش بۆخۆی ڕابکێشێت و ببێتە ناسنامەیەك کە لەڕێگەیەوە خوێنەر بتوانێت دەق بناسێتەوە، لەمبارەیەوە ڕەخنەگری عەرەبی(عەبدوڵا غوزامی) پێیوایە کە ناونیشان دەبێت دواهەمین جێپەنجەی نووسەربێت لەسەر دەقەکەی، بەلای ئەوەوە ناونیشان لەناو خودی دەقەوە لەدایکدەبێت، وەك لە کتێبی (الخطیئة و التكفیر) دا دەڵێت: ( شیعر لە ناونیشانەکەیەوە لەدایکنابێت، بەڵکو ناونیشان لەوەوە لەدایکدەبێت و هەموو شاعیرێك ناونیشان دواین کارکردنێتی لە دەقدا))( الغذامي, 1985, 234) بەپێی ڕای (غوزامی) نووسەر دوای نووسینی دەقەکەی دەتوانێت بیر لە دانانی ناونیشانەکەی بکاتەوە، چونکە هەڵقوڵاوی ناوەڕۆکی خودی دەقەکەیە. بەمپێیە ناونیشان دواهەمین هەنگاوی پرۆسەی نووسینی دەقەو یەکەمین هەنگاوی پرۆسەی خوێندنەوەیەتی.

هەرچی (عەبدولعەزیز ئەلسقێبی) یە دەڵێت : (( هەمیشە نووسەران بیر لە ناونیشانێك دەکەنەوە کە بەشێوەیەکی زۆرباش بگاتە خوێنەران )) (أقطي و دندوقة، 2021، 152).بەو واتایەی نووسەر جەختی زۆر دەخاتەسەر ناونیشان، چونکە مەبەستێتی بەهۆی ناونیشانەوە ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکەو پاشان توانای خۆی لە داڕشتنیدا پیشانی خوێنەران بدات.

(جیرارجینێت) لەبارەی گرنگی ناونیشانەوە پێیوایە کە ((سیمۆتیکا گرنگییەکی زۆر بە ناونیشان دەدات، بەو پێیەی زاراوەیەکی جێبەجێکاری سەرکەوتووە لە لێکترازاندنەوەی دەقی ئەدەبیدا، چونکە کلیلی سەرەکی دەقەکەیە و هەروەها ناونیشان لە ڕێگەی بونیادە دەلالی و ڕەمزیەکانەوە دەق هەڵدەوەشێنێت، بۆئەوەی بونیادی بنێتەوە، یاخود ناونیشان کلیلێکی تەکنیکییە و پێوانەکانی دەقی پێ دەدۆزرێتەوە))، چونکە سیمۆلۆژی وا لە ناونیشان دەڕوانێت کە ئەویش نیشانەیەکە لە نیشانەکان و ئاماژەی دەلالی زۆر جیاواز لەخۆدەگرێت، بەوپێیەی کە کورتکراوەیەکی واتای دەقەکەیە (عەلی، ٢٠١٣، ١٨٣).

لەئێستادا کە زۆرێك لە دەقەشیعرییەکان بەرەو بەکۆدکردن و ئاڵۆزی دەچن ناونیشانیش هەروەك خودی دەقەکە بەدەر نییە لەو پرۆسەی بەکۆدکردنە، بۆیە زۆرجار دەبینرێت نوسەران بەمەبەست و بەوپەڕی ئیکۆنۆمی زمانییەوە ناونیشانەکانیان هەڵدەبژێرن لەپێناو ئەوەی ببێتە ( دالێك) کە چەندین ( مەدلول)ی جیاواز لەخۆبگرێت و لەتاك واتاییەوە بەرەو فرەواتایي بڕوات، بۆیە زۆرجار وەك نیشانەیەکی نیمچە سەربەخۆ دەردەکەوێت و لەهەمانکاتدا بەسەر دەقیشدا دەکرێتەوە.

لەکۆتاییشدا دەتوانین ئەوبڵێین: کە ئەرك و گرنگی ناونیشان لە ساتی خوێندنەوەی دەقدا زیاتر دەردەکەوێت، چونکە خوێنەر لەناو دەقەکەدا دەتوانێت هێماکان شیبکاتەوە تاکو دەگاتە خاڵی پەیوەستی نێوان ناونیشان، ئەگەر ئەوە بەدیهات ئەوکات واتای دەقەکە کامڵتر دەبێت. هەر لەمڕوانگەیەشەوەیە کە(جەمیل حەمداوی)پێیوایە کە ناونیشان دەتوانێت دەق هەڵبوەشێنێتیەوە لەپێناو سەرلەنوێ داڕشتنەوەیدا لەڕێگەی پێکهاتە هێماییەکانیەوە (حمداوی، ١٩٩٧، ٩٦).

## تەوەری سێیەم: جۆرەکانی ناونیشان

ناونیشان چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی و بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریي دەبێت لەسەر خوێنەر و وەك دەروازەیەکی دەقەکە ئەو کاریگەرییە بەجێدێڵێت لە کاتی دەستکردن بە خوێندنەوەدا لای خوێنەر، پەیوەست بە دەقی شیعرییەوە دەتوانین باس لەمجۆرانەی ناونیشان بکەین:

١- **ناونیشانی ئەدەبی:** هەندێکجاریش بە ناونیشانی سریالی ناودەبرێت، لەبەرئەوەی خوێنەر دەوروژێنێت و بەرەو پەناو پەسێریدەبات، لەبەرئەوەی ناونیشان بەهایەکی ستاتیکی هەیە و ئامانجی زیاتر ئاماژەکردنە نەك ڕوونکردنەوە بۆیە ڕووبەڕووی چەندین ڕاڤکردن دەبێتەوە ئەمجۆرە لە ناونیشان خاوەن بەهایەکی ستاتیکی بەرز و ئەدەبییە بە سوود وەرگرتن لە زمانی ئەدەبییەوە ئەویش لەڕێگەی دەستەواژەی شاعیرانەوە کە باکگراوندێکی ڕەمزی هەیە و ناونیشانەکە بەرەو تەمومژ دەبات.

٢- **ناونیشانی ڕاڤەکاری:** ئەمجۆرە لە ناونیشان واتایەکی ئامادە دەخاتە بەردەست خوێنەران و هەوڵی دروستکردنی وەڵامێك لای خوێنەر دەدات و وەك ناونیشانێکی فرە واتا یان واڵا دەردەکەوێت و چەند واتایەك لەخۆ دەگرێت بەپێی بەئاگایی خوێنەرەکە.

٣- **ناونیشانی ڕەمزی:** ئەمجۆرە ناونیشانە تاڕادەیەك نزیکدەبێتەوە لە ناونیشانی ئەدەبییەوە لەڕێگەی خوازەوە ناونیشانەکان دادەڕێژرێت و بەشێوەی ڕەمز دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێت و ئەویش لەسەریەتی ڕەمزەکان شیبکاتەوە بۆ گەیشتن بە واتا.

٤- **ناونیشانی خودیی:** ئەم ناویشانە زیاتر پەیوەستە بە خودی نووسەرەکەوە ،نووسەر هەوڵدەدات لەمجۆرە ناونیشانەدا خودی خۆی سەنتەربێت، هەندێکجار ئەمجۆرە ناونیشانە تووشی ڕاڕاییمان دەکات و لە ژیانماندا بوونی هەیەو جۆرێك لە گومانیشمان لادروستدەکات.

٥- **ناونیشانی وروژێنەر:** ئەوجۆرەیە لە ناونیشان کە جۆرێك لە حەماسەتی تێدایەو خوێنەر دەوروژێنێت، یان هەندێکجار ئومێد و خۆشی زۆری تێدایە (قادر، ٢٠٢٢، ١)

## تەوەری چوارەم: ئەرکەکانی ناونیشان

زۆرن ئەوانەی کە چەند ئەرکێکی جیاوازیان بۆ ناونیشان دیاریکردووە، بۆنمونە ( یاکۆبسن) لە کتێبی( بابەتە شیعریەکان) دا باس لەچەند ئەرکێکی ناونیشان دەکات، لەوانە:

١-**ئەرکی سەرچاوەیی:** جەختدەکاتەسەر بابەتی پەیامەکە بەو پێیەی کە سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە کە گوزارشتی لێدەکات ئەمەش وەك ئەرکێکی بابەتیی خۆی دەنوێنێت.

٢-**ئەرکی هەڵچوونی:** ئەم ئەرکە پەیوەندیي نێوان پەیامنێر و پەیام دیاریدەکات و لە بۆتەی خۆیدا ئەو هەڵچوونە خودییانە هەڵدەگرێت کە قسەکەر دایدەهێنشێتە سەر پەیامەکەی.

**٣-ئەرکی کاریگەریی:** ئەم ئەرکە پەیوەندی نێوان پەیام و وەرگر دیاریدەکات کە زیاتر هانی وەرگردەدرێت تیایدا.
**٤-ئەرکی شاعیری:** کە پەیوەندی پەیام لەگەڵ خودی خۆیدا دیاریدەکات و بە بەدیهاتنی لادانەکان لە پەیامەکەدا، ئەمیش بەدیدێت. (حمداوي, 1997, 101).
ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانەو زیاتر کارمان لەسەرکردووە لەم توێژینەوەیەماندا بۆچوونەکانی (جیرار جینێت) لەبارەی ئەرکی ناونیشانەوە وەك (سامان جەلال عەزیز) لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژەی پێداوە، ئەو چوار جۆر لە ئەرك بۆ ناونیشانی دەق دیاریدەکات(عەزیز،٩٢،٢٠١٤) کە بریتین لە :

**١- ئەرکی سەرنجڕاکێشان:**
بەلای (جیرارجینێت)ەوە ئەم ئەرکە زیاتر پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، ئەرکی سەرنجڕاکێشان ئارەزووی خوێنەر دەجوڵێنێت بۆ خوێندنەوە. ئەوەی کە پەیوەستە بە دەق و کاریگەریی ناویشان لەسەری ئەوەیە کە (جیرارجینێت) باسیدەکات و بە فاکتەرێکی گرنگی رووکردنە خوێندنەوەی دەقەکەی دادەنێت لەلایەن خوێنەرانەوە. لەم ئەرکەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە ناونیشان بەجۆرێك دادەڕێژرێت و تاموچێژێکی وا دەبەخشێت کە خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت تەنانەت هەندێك دەڵێن: خوێنەر دەکاتە بەندەی خۆی، ئەم تاموچێژەش زیاتر لەرێگەی تەمومژی و دوورکەوتنەوە لە ئاشکرایی دێتەدی کە وادەکات دەقەکە لای خوێنەر نامۆبێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانێکی هێمایی دروستدەبێت و لەئەنجامدا فرە واتایی لێدەکەوێتەوە ئەو فرە واتاییەی کە خوێنەر دەخاتە ناو شەڕی واتاییەوە، ئەو هێماگەرییەی کە زۆرجار لە ناونیشانەکاندا دەیبینین و سەرنجڕاکێشە ئامادەبوون بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت، تەنها چاوگێڕانێکی خێرا بەسە بۆ سەرنجدان و وەستان لەسەری لەلایەن خوێنەرانەوە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت: جیاوازی ناونیشانەکان دەبێتە هۆی جیاوازی ئەرکەکانیشیان، ڕەنگە هەندێکجا ناونیشانێك تەنها یەك ئەرك لەخۆبگرێت و ڕەنگیشە لەئەرکێك زیاتر. (أقطي و دندوقة، 2021, 156)
جەلالی مەلەکشا لە دەقێکی شیعرییدا بە ناونیشانی ( وشەی پیرۆز)، لە ڕێگەی ناونیشانەکەیەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و وای لێدەکات ڕوو لە خوێندنەوەی دەقەکەی بکات، شاعیر بەو ناونیشانەی بیری خوێنەر بۆ بابەتێکی ئاینی دەبات و ئەوە لە پێشبینی خوێنەردا دەوروژێنێت کە ڕووبەڕووی دەقێك دەبێتەوە ناوەڕۆکەکەی هەڵگری پەیامێکی ئاینییە، بەڵام وای دەبینین شاعیر لەوپەڕی وریاییەوە ئەو ناونیشانەی داناوەو کردویەتییە دەستپێکی دەقەکەی و دواجار لە خوێندنەوەدا ئاسۆی پێشبینییەکانی خوێنەر دەگۆڕێت، کاتێك دەڵێت :

**وشەی پیرۆز**
**مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە**
**یەکێکیان کورد و**
**ئەویتریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان (مەلەکشا،1383، ٢٨)**

دەبینین بە پاشخانێکی ئاینییەوە دەچێتە ناو دەقەوە و وشەی( پیرۆز) لەسەرەتادا و دواتر ( جەهەنم) و ( هەڵقرچان) وادەکات ئاسۆیەکی دیاریکراو لە بیریدا گەڵاڵەببێت و لەو ڕوانگەیەوە بەرەو کۆتایی دەقەکە بچێت، بەڵام تووشی بەریەککەوتن دەبێت لە کۆتایدا کە دەبینێت ئەو پیرۆزییە بەخشراوەتە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان، ئەمەش جۆرێك لە بەرزی بەهای ئەدەبی بەخشیوەتە دەقەکەو وەکو دەقێکی ئەدەبی خاوەن ستاتیکایەکی بڵند دەریخستووە.
هەروەها لە دەقیکیتریدا بە ناونیشانی ( دۆزەخ) دیسان دەمانخاتە بەردەم دەقێك کە هەرخودی ناونیشانەکە پێمان دەڵێت: تۆی خوێنەر مەحکومی بە خوێندنەوەی ئەم دەقە، چونکە واتای وشەی دۆزەخ بۆ خوێنەری کورد ئاشنایە و بەوە ڕاهاتووە کە ژیانی بۆخۆی لەنێو دۆزەخێکی ئەم دونیایەدا خولقاوە، تائێرە ڕەنگە ئاسۆییانە لە ناونیشانەکەوە واتای دەقەکەمان لا گەڵاڵەببێت، بەڵام دوای خوێندنەوەی دەقەکە کە بە بڕوای ئێمە خودی ناونیشانەکە بەرەو خوێندنەوەمان پەلکێشدەکات بەهۆی سەرنجڕاکێشانەکەیەوە تووشی بەریەککەوتن دەبین بەوەی هیچ کەسێك خۆزگە بە دۆزەخ و ژیانی دۆزەخئاسا ناخوازێت شاعیر نەبێت، وەك دەڵێت:

**دۆزەخ**
**لەناو گرو کڵپەی پڕ لە ئازاری ئەم دۆزەخەدا**
**دەسووتێم و هەڵدەقرچێم**
**ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم!**
**بەڵام هەرگیز ناتوانم، نا...**
**بەجێی بێڵم**
**ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە بۆ ئێوە و ...**
**بە کامتان بێ...**
**من تەنیا هەر لەم دۆزەخە**
**هەست بەبوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم! (مەلەکشا،١٣٩٧، ٣٠)**

خوێنەر وا پێشبینیدەکات کە شاعیر ژیانی دەزەخ ئاسای نیشتیمانەکەی بەنەفرەت بکات و بێزاری خۆی دەرببڕێت، بەڵام هەر دوای ناونیشانەکە کە هەڵگری واتایەکی نەرێنییە لای خوێنەر پاشخانێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، هەر لەکۆتایی کۆپلەی یەکەمدا ئەو پێشبینییە ئاوەژوو دەبێتەوەو شاعیر ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو دۆزەخەی نیشتیمانەکەی پیشاندەدات و نایگۆڕێتەوە بەبەهەشتی کەسانیتر، ئەمەش بەبڕوای ئێمە لوتکەی هەڵوێستی مرۆڤیکە بەرامبەر بە نیشتیمانەکەی.
بەلای ئێمەوە ناونیشانی ئەم دوو دەقە کەوەك نمونەیەك لە شیعرەکانی جەلالی مەلەکشا وەرمانگرتووە تەواو سەرنجڕاکێشن و کرۆکی ئەم ئەرکەی ناونیشانیان بەسەردا دەچەسپێت کە ( جیرارجینێت) دیاریکردووە.

**٢- وەسفکردن :**
(جیرارجینێت)پێیوایە ئەم ئەرکە بابەتیانە یان هەواڵدەریانە وەسفی دەق دەکات، بەواتای وەسفکردنی ناوەڕۆکی دەقەکە، هەربۆیە دووجۆر ناونیشانی لێوە پەیدادەبێت: (شحوري,1)
یەکەمیان ( ناونیشانی بابەتی) یە کە وەسفی ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خوازەو درکەوە، ئەمجۆرە لە وەسفکردن وەسفی ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات بەچەند ڕێگایەك پێوەی دەبەسترێتەوە، ئەو ناونیشانانەی ئەم ئەرکە لەخۆدەگرن پێیان دەوترێت ناونیشانی ناوەڕۆکئامێز.

ئەمجۆرە وەسفە لەناو کارە ئەدەبییەکەدا چەق دەبەستێت و پێوەی پابەند دەبێت بەپێی جۆرەکانی ناونیشان کە ڕەنگە گاڵتەئامێزبێت یان مەجازی یان ئاڵۆزبێت.(قاسم, 2000, 138)

دووەمیان ( ناونیشانی هەواڵدەری) یە کە ڕەگەزی دەقەکە ئەدەبییەکە دیاریدەکات، بۆنمونە ( قەسیدە...) کەپێمان دەڵێت ئەمدەقە شیعریە هەروەها ( چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی) بەهەمانشێوە بیرمان دەبات بۆ دەقی شیعری نەك چیرۆك و ڕۆمان. ئەو ناونیشانانەی ئەم ئەرکە لەخۆ دەگرن پێیان دەوترێت ناونیشانی بە ژانەرکردن.( قطوس،2001, 51).

شاعیر ناونیشانی ( شەوێکی ئەبونەواس) بۆ یەکێك لە شیعرەکانی داناوە کە تیایدا دەبینین باس لەو کاتە دەکات کە بەسەریبردووە لە ( ئەبونەواس)داو ڕۆچوونە نێو دۆخی دەروونی خۆی و ئەو کەش و هەوایەی کە هاتۆتە بیری لەو جێگەو مەکانەدا و تێکەڵبوونی مەستی بادەی ئەم و وێنەی لاشەی لە سێدارەدراوی ( مەنسوری حەلاج) و تێکەڵبوونی حاڵەتی مەستی ئەو دووانە هەریەکەیان بەجۆرێك، یەکێکیان بە بادەی ئاسایی و ئەویدیان بە بادەی حەقیقی خودا پەرستی، وەك دەڵێت:

**شەوێکی ئەبوونەواس**

**چەندکەسێکی سەوداسەری ئاوارەی ئەم جیهانەبوین!**
**لە کەناری دیجلەی چاو بە گریانەوە**
**شێخی بادە کورەی زیکری پێ بەستبووین.**
**شاری بەغدا لە خەودا بوو**
**چەند دەروێشێکی ئاوارەو دەرکراو**
**لە دۆزەخستانەکانی ئەم دنیاو**
**من و سمکۆ و ئەبوو نەواس**
**دەستی دیجلەمان گرتبوو**
**بەرامبەری شێخی بادە**
**ئەو ناوەمان گشت کردبوو بە زیکرستان! (مەلەکشا،1383, ١٩٩)**

ناونیشانەکە بەرەو ناوەڕۆکی دەقەکە دەمانبات و دروست ئەرکی وەسفکردن جێبەجیدەکات بەسەریدا، ( ئەبوونەواس) وەکو جێگەیەك هەڵکەوتوو لەسەر ڕووباری دیجلەی شاری بەغدا و سەرمەستبوونی کەسانێك لەو جێگایەدا بە مەی و بەسەربردنی شەوانێك تیایدا، لێرەدا و لەڕێگەی ناونیشانەوکەوە شاعیر بەجۆرێك وەسفی ناوەڕۆکی دەقەکە دەکات کاتێك خوێنەر دەچێتە ناو دەقەکەوە ئەو پاشخانەی کە لە ناونیشانەکەوە بۆی دروستبووە ڕاست دەردەچێت و تووشی هیچ بێ ئومێدییەك نابێت، بەڵام بیرمان نەچێت کە شاعیر دواتر لەناو دەقەکەدا کەشێکی ئاینی و ڕەمزێکی گەورەی تەسەوف هاوتەریب لەگەڵ دۆخی تایبەتی و سەرمەستبوونی خۆیدا دەهێنێتە گۆ و بەشێوەیەکی ستاتیکییانەی بەرز ڕەنگی پێدەدات لە دەقەکەیدا، ئەویش ( مەنسوری حەلاج)ە، کە دواتر دەڵێت:

**لەو بەر دیجلە**
**حەللاج هەر بە سێدارەوە سەمای دەرکرد**
**ڕۆحی شێت و یاخیی ئێمەش، بۆ هەڵفرین**
**بۆ گەیشتن بە چارەنووسەکەی حەللاج**
**خواخوای ئەکرد!**

**شێخی بادە دەیورووژاندین**
**هەتا دەهات، کورەی زیکرمان گەرم و گەرمتر دەبوو!**
**دەروێشە ئاوارەکان و ئەبوونەواسی سەرخۆش و سمکۆی مەست و**
**منی یاخی لەخۆم**
**یەخەی گەردوونمان گرتبوو**
**دیجلەی فێ گرتووش شڵپ و هۆڕ**
**نازانم بۆ کوێنە ئەچوو!**
**شاری بەغدا لە خەودابوو...**
**شێخی بادە، بە ساقییەتی ئەبو نەواس**
**هێندە زیکری پێکردبووین**
**هووهوومان تا لای خەلیفە و لای خوا ئەچوو**
**زوڵمەتی نێو دەروونمانی ڕوون کردەوە**
**دیجلە بە هاژەهاژ**
**سەری هەڵگرتبوو**
**دەروێشەکانی خانەقای غەریبستان**
**ماڵاواییان لێکردین (مەلەکشا,٢٠٠،1383)**

ئاوێتەبوونی ڕۆحی یاخیانەی حەلاج و خودی شاعیر دووانەیەکی هاوتەریبی ناو دەقەکەن و وەك چۆن حەلاج هەمیشە لەهەوڵی ناسینی خودا ویڵی ڕووناکبونەوەی تاریکی ژیانی خۆی بووە بەخۆشەویستی خودا، ئاواش دەبینین( مەلەکشا) لەم دەقەدا ئارەزووی گەیشتنە چارەنووسەکەی ( حەلاج) دەکات و بەدوای ڕووناکبونەوەی زوڵمەتی ناو دەروونیەوەیەتی، تالەکۆتایی دەقەیدا بەعەشقی ( حەلاج)ەوە بەرەوە جێگە سیمبولیەکەی دەڕوات.

**شەومان شکاند**
**شێخی بادە بوو بەتیشك و**
**ئەبوونەواس ڕۆچووە نێو دڵی عاشقی نەسرەوتم**
**سمکۆ خەوت و**
**منیش تەنیا**
**سەرخۆش سەرخۆش**
**بەلەترولار**
**بەرەو ژێر دارەکەی حەلاج وەڕێ کەوتم! (مەلەکشا،1383, ٢٠٠)**

سەبارەت بە ئەرکی بە ژانەرکردنیش دەتوانین بڵێین: شاعیر لەدەقەکانی( شیعر، شیعری لاسار، شیعری تازە، شیعری یاخی، پەری شیعر و چوارینەیەك) ڕاستەخۆ ژانەری دەقەکەی دیاریکردووە و خوێنەر یەکلایی بوەتەوە کە ئەو دەقەی کە دەیخوێنێتەوە شیعرە، ئەمەش تایبەتمەندی دووەمی ئەرکی وەسفکردنی ناونیشانە. لەتێکستی ( شیعر)دا شاعیر دەڵێت:

**شیعر**

**شیعر کە هات**
**دلیش ئیتر**
**ئۆقرە ناگرێ،ئەیدرکێنێ**
**پۆلیس بۆنی پێوەدەکا**
**بۆنی ئازادی لێوە بێ**

**هەر دەست بەجێ**
**بە تەنافی شۆڕی قانون**
**ئەیخنکێنێ (مەلەکشا،1397, ١٠٣)**

ئەم ئەرکەی ناونیشان کەمتر بەرەو لێکدانەوی دەقەکە دەمانبات، هەرچەندە خودی دەقەکە هەڵگری پەیامێکی ئازادیخوازانەیە کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی خودی شاعیرەو داهێشتراوەتە ناو دەقەکەوە، بەڵام زیاتر فۆکەسەکە لێرەدا لەسەر ڕۆڵی بەژانەرکردنی دەقەکە دەگێڕێت، بەمەش خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەی ناونیشانەکەوە دەتوانێت شوناسی ژانەرەکە دیاریبکات کە بریتییە لە شیعر نەك چیرۆك یان ڕۆمان.

٣- **دیاریکردن :**
بەلای (جیرارجینێت)ەوە ئەرکی دیاریکردن ئەرکێکی ئیلزامییە لەپێناو دیاریکردنی شوناسی دەقەکەدا( شحوري ص١ ),هەروەها( ناونیشان کارلەسەر دیاریکردنی دەقەکە دەکات و دواتر لەمنداڵانی دەقەکەوە دەرچەیەك بۆخۆی دەدۆزێتەوەو تاوەکو بەسەربەخۆ بژی و لەو لەدایکبوونەوە کامڵدەبێت و دوور دەکەوێتەوە لە ئیشکالیاتی دەقەکە، ئەم ئەرکە لە ئامادەنەبوونی ئەرکەکانیتردا دەتوانێت بەوپەری ئازادییەوە ڕۆڵی خۆیبیبینێت بۆیە بە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکان دادەنرێت) (مصطفى, ع24,31).
زۆربەی زانایانیتری وەك(گریڤل) و(میتراند) و (گلودنیشتاین) هەرچەندە ناویتریان لێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیانەش هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە واتای دیاریکردن دەگەیەنێت، کەواتە بریتییە لەو جۆرە ئەرکەی کە ناو لە دەقەکە دەنێت، واتا پێمان دەڵێت: ئەو دەقە چ جۆرە دەقێکە بۆ نمونە دەقێکی واڵایە یان پەخشانە شیعرە یان چیرۆکئامێزە(عەلی وعەلی،٨٤،٢٠٢٥).
لە شیعرەکانی جەلالی مەلەکشادا ناونیشانی ( داستانی دارەپیرە) دەبینین کە ئەم ناونیشانە ڕاستەوخۆ شوناسی دەقەکەمان بۆ دیاریدەکات کە بریتییە لە دەقێکی چیرۆکئامێز کە خۆی دەبینێت لە باسکدنی چیرۆکی ژیانی ( پیرەدارێك) و بە ( ١٦٨ ) نیوە دێڕ دەقەکە نووسراوە و یەکێکە لە درێژترین شیعرەکانی ئەمشاعیرە و سەربردەی پیرەدارێك دەبینین لە ژیان و ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەڕیوەو ئەوڕووداو کارەساتانەی کە بینونی تادەگاتە ئەوەی فەرمانی برینەوەی بدرێت، چونکە ئەو پەناگەی ڕێگر و جەردەکانە ( شۆڕشگێڕەکان) و وەك دەڵێت:

**داستانی دارە پیرە**

**هەبوو نەبوو ... ساڵانی زوو**
**لەسەر باڵی بەرزی مێژوو**
**پیرە دارێك بەساڵاچوو ، ڕاوەستابوو!**
**سەری نابووە کۆشی خەیاڵ**
**بیری لەژین ئەکردەوە!**
**دەنگ و چریکەی باڵندەکان**
**لەئامێز و لەنێو شاخ و پەل و پۆیدا ،**
**تاڵی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە!**
**قژو کەزی شانە ئەکدر دەستی شەماڵ**
**بە قەتار و سیاچەمانە**
**بەحەیران و لۆرەو هۆرەو بە گاڵەگاڵ !(مەلەکشا، ١٣٩٧، ١٢٣)**

ئەم شیعرە خۆی لە دەقێکی چیرۆکئامێزدا دەبینێتەوە هەرچەندە دەقەکە بەشێوەیەکی هێماگەریانە نووسراوە، پیرە دار ڕەمزی ڕەسانەیەتی و خۆڕاگرییە لە نیشتماندا و ڕەگوڕیشەی مێژووی کوردمان بۆ بەیان دەکات و شاعیر لەڕێگەی ئەم دەقەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە کورد چەندە ڕەسەن و کۆنە لەم خاکەدا و لەقوڵاییی مێژووەو هاتووەو تەنانەنت هەندێك ئاماژەی ئەفسانەیش دەبینین کە زیاتر جەختکردنەوەیە لەو قولاییە مێژووییەی کورد وەك دەڵێت:
**دارە پیرە، بەر لەمێژوو**
**لەنێو ئەم خاکە ڕوابوو...**
**دارەپیرە ڕیشەی ژینی**
**تانێو دلی گابۆر و ماسیی کوتا بوو!!**
**دارە پیرە سەد قۆناغی دیبوو بە چاو**
**باروبنەی سەد کاروانی ڕاپێچابوو (مەلەکشا، ١٣٦،١٣٨٣)**
هەرچەندە شاعیر بەبڕوای ئێمە ناسنامەی دەقەی بۆ خوێنەران بە جێهێشتووە و وەك پێشتریش وتمان دەقەکە جۆرێکە لە دەقی چیرۆکئامێز بەڵام وەك دەقێکی واڵا خۆی نمایشدەکات لە ناوەڕۆکدا ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دەتوانرێت لێکدانەوەی جیاوازی بۆبکرێت لەلایەن خوێنەرانی جیاوازەوە.

٤- **ئاماژەدان :**
ئەرکی ئاماژەدان وا لە ناونیشاندەکات کە ئاماژەیەك لە خۆیدا هەڵبگرێت، جا ئەو ئاماژەیە مێژوویی بێت یان تایبەت بە ژانەرە ئەدەبییەکە وەك ئەوەی ناوی پاڵەوانێکبێت لە مەرگەساتدا یان کەسێتییەك بێت لە کۆمیدا دا.
کاتێك شیعری ( دڵتەنگیەکانی فەرهاد) دەخوێنینەوە دەبینین هەرچەندە باسکردن لە (فەرهاد) کە لە ناونیشانەکەدا ناوی هاتووە، وە ( شیرین) کە لەناو دەقەکەدا ناویهاتووە، باسکردنە لە خودی شاعیر و بەرامبەرەکەی، بەڵام لەناونیشانەکەوە ئاماژە مێژووییەکەمان بۆ دەردەکەوێت، وەك دەڵێت:
**دڵتەنگیەکانی فەرهاد**
**شیرین گیان!**
**خەریکم شێت دەبم**
**تۆیان لێم یزرکرد**
**ئاخر چۆن**
**من بەرگەی فیراقی تۆ دەگرم**
**ئەگەر زوو نەیتەوە**
**تۆ خۆش بی**
**من دەمرم (مەلەکشا،١٣٨٣، ٦٠-٦١)**
شاعیر لە کۆپلەیەدا دەبینین باس لە ( شیرین)ێك دەکات کە شیرینەکەی نێو داستانی ( شیرین و فەرهاد) نییە، بەڵام لە ڕێگەی ناونیشانی دەقەکەوە خوێنەر ڕادەکێشێتە نێو داستانەکەو ئەو بەیەکنەگەیشتن و جیابوونەوەیەی نێوانیان و بەمەرگ کۆتاییهاتنی پاڵەوانی داستانەکە لەم دەقەکەدا ئامادەیی هەیەو شاعیر سەرکەوتوانە دیمەنەکانی نێو داستانەکەو ویستی خۆی بەرامبەر خۆشەویستەکەی ئاوێتەکردووە و خوێنەری لەبەرامبەر هەردوو دۆخەکەدا ڕاگرتووە بەجۆرێك واهەست دەکات ئەم دەقە بەشێکە لە داستانەکە، چونکە مردنی خۆی لە دووری شیرینەکەی لەگەڵ مردنی (فەرهاد)دا بەرامبەر یەك داناوەو هەردووکیانیش بەهۆی دوریی و بەرگەنەگرتنی ئەو دوورییەوە بووە .

هەروەها لە شیعری ( شیعری یاخیدا) شاعیر لەڕێگەی ناونیشانەکەوە ژانەری دەقەکەمان بۆ دیاریدەکات کە ( شیعر)ەو هەروەها هاتنی وشەی ( یاخی) لەگەڵ وشەی شیعردا ئاماژەیەکی ڕوونی ئەوەیە کە کرۆکی ئەو دەقەی لەبەردەم خوێنەردایە باس لە یاخیبوون و ڕەتکردنەوە دەکات، وەك دەڵێت:

**شیعری یاخی**

**لەو ڕۆژەوە**
**شیعرەکانم**
**ئالای ئاژاوەیان هەڵدا**
**هەزار هەزار چەقۆی سیخوڕ**
**ویڵن بە شوێن شاعیرێکا**
**وا داگیرساو**
**گڕی لە گیانی شەو بەردا (مەلەکشا،١٣٨٣، ١٢٦)**

هاتنی وشەی( یاخی)هەر لە ناونیشانەکەوە ئاماژەیەکی ڕوونی بوونی کرۆکێکی یاخیانەیە لەنێو دەقەکەدا و دروست ئەو ئەرکەی کە (جیرار جینێت) بە ئەرکی ( ئاماژەدان) ناوی دەهێنێت بەرجەستەدەکات. کاتێکیش شیعرەکە دەخوێنینەوە تەواو ئەو ناوەڕۆکە ڕەنگیداوەتەوە لە شیعرەکەدا. هەروەکچۆن مرۆڤی یاخی هەمیشە لەدووی دەگەڕێن و هەوڵی گرتنی دەدەن و بگرە ئەشکەنجەو سزادانیش چاوەڕێی دەکات، ئاواش کاتێك شیعری یاخی ئالای یاخیبوون هەڵدەکات بە ئاژاوەگێڕ دادەنرێت ودەکەوێتە بەردەم ڕەحمەتی چەقۆ سیخوڕەکان و گرتن و زیندان چاوەڕێیەتی.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین :

١-ناونیشان وەك دەستپێکی دەق ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شوناسی دەقدا و خوێنەر هەمیشە لە ڕێگەی بەرکەوتنی بە ناونیشانەوە وەك خاڵی دەستپێکی خوێندنەوەی دەقەوە ئاسۆی خۆی دادەڕێژێت و بەرەو ناوەڕۆکی دەقەکە دەڕوات .

٢- نووسەران لەڕێگەی ناونیشانەکانیانەوە دەتوانن حەز ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکانیان دروستبکەن ئەویش لە ڕێگەی بەوردیی و وریایی نووسینی ناونیشانی دەقەکانیانەوە .

٣- جەلالی مەلەکشا سەرکەوتوانە توانیویەتی ئەرکی سەرنجڕاکێشانی ناونیشان بەجێبگەیەنێت ئەویش لەو نمونانەی کە باسمانکردووە بە وردی دەردەکەوێت .

٤-شاعیر لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ هێماگەریی ناونیشاندا کردووەو خوێنەری والێکردووە مشتوماڵی بیری خۆی بکات تاوەکو بتوانێت لە واتای ڕاستەقینەی دەقەکەبگات.

٥- شاعیر لە ڕێگەی ناونیشانەوە لە چەند دەقێکدا ئاسۆی خوێنەرانی تووشی شۆکردووەو وایلێکردووە بەریەککەوتنێکی بۆ دروستببێت لەگەڵ دەقەکەدا و بەمەش ئاستێکی بەرزی ستاتیکی بۆ دەقەکەی پێکهێناوە .

## سەرچاوەکان


**کوردی :**

عەلی و عەلی، لوقمان رەئوف و سامان محەممەد، ٢٠١٥، کارنامەی ناونیشان لە دەقە والآکانی شێرکۆبێکەسدا، مجلە جامعة کرکوك/ للدراسات الانسانیة، المجلد ١٠، العدد٣.

قادر، خالد کاوێس، ٢٠٢٢، ناونیشان لە دەق ئەدەبیدا، دەزگای میدیایی کەرکوك.

مەلەکشا، جەلال، ١٣٨٣هە، زرەی زنجیری وشە دیلەکان، بلاوگەی پەرتەوبەیان و بلاوگەی هەژار، سنە.

مەلەکشا، جەلال،کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ١٣٩٧،بڵاوگەی پاییز، چاپی دووەم، سنە.

**عەرەبی:**

حماوی،جمیل، ١٩٩٧، السیمیوطیقا و العنونه، مجلة عالم الفكر, المجلس الوطني للثقافة والفنونو الاداب,الكويت، المجله ٢٥،ع٣.

شحوري, د.احمد, وضائف العنوان النصي, www.almaarifa.org .

الغذامي, عبدالله محمد, 1985, الخطيئة و التفكير, النادي الادبي الثقافي, جدة, السعودية, ط1.

قاسم، عدنان حسین، ٢٠٠٠، الالتصویر الشعري رؤیة نقدیة لبلاغتنا العربیة, الدار العربية للنشر والتوزيع, مدينة نصر, مصر

قطوس, بسام, 2001, سيميائية العنوان, وزارة الثقافة, عمان, الاردن, ط1.

منصور, عماد,2014, وضائف العنوان في شعر نادر هدى, مجلة جامعة النجاح الابحاث(العلوم الانسانية)المجلد28(5).

مصطفى, عمران , الخطاب الاشهاري بين التقرير و الايحاء, , مجلة فكر و النقد, ع24 , www.aljabriabed.net .

أقطي و دندوقة, نوال و فوزية, 2021, العنوان في النص الأدبي بين الأهمية والوظيفة والمكانة، ،مجلة أمارات في اللغة والأدب والنقد المجلد05: العدد20.

المطوي، محمد الهادى ،1999، شعريه عنوان الكتاب الساق على الساق فيما هو الفرياق، مجله عالم الفكر، المجلس الوطني للثقافة و الفنونو الاداب, الكويت, مجلة 28, ع1.

**تێزی دکتۆرا:**

عەزیز،سامان جەلال، ٢٠١٤، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.

عەلی،لوقمان رەئوف،٢٠١٣، دەق شیعری کوردی لە روانگەی سیمۆلۆژییەوە(١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.